www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6:55 2006-12-18


## عەشقێکی تورە.. !! م. حەمید عەزیز

تۆ کە نەمامی دڵت چەکەرە نەکا لە ناو کێڵگەو بێستانی ئەو
چۆن لەمۆسیقای ڕۆحی ئەوینی دەزانی
تۆ لە عەشق و ئەڤین لەمێژە کەتۆرابی
چۆن سۆزێک لەتەرەبووندا ماڵی دەبێ بەئاسانی
تۆ کە لەزمانی گوڵ تێنەگەی
چۆن ئەبیتە خزمەتکارو باخەوانی
تۆ لە واتای شیوەنی عەشق نامۆبی
چۆن ئەبیتە دنیای فرمێسک و جوانی
تۆ کەجۆلانێی حەز نەبی بۆڕاژەنین
ئەی چۆن ئەبیت بە دنیای سۆزو میهرەبانی
تۆ کەخۆت دەربەدەری عەشق و مەنفا نەبی
ئەی چی لە تەمەن و دابڕان ئەزانی
تۆ کەشەپۆل و ڕامالین نەبی بۆ دەریا
چی لەکەشتی عەشقێکی ئەبەدی ئەزانی
تۆ کە چرۆی زەردەخەنەیەک نەبی بۆ حەبیبە
چۆن ئەبیتە دڵۆپێک لە دەریای سۆزی نالی
تۆ ئەگەر هاوڕێی سەفەرێکی وەفا نەبی
نابیت بە پێنوسی ژیان و عەشق و بەختەوەری


م. حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail. com